---

## بەشی دووەم

### وێستگە مێژووییەکانی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکان و ئەتەکێت

مێژووی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و ئەتەکێت، مێژوویەکی دێرینی هەیە، دیاردەیەکی کۆنەو بە پێی قۆناغە مێژووییەکان گۆڕانکاری بەسەرهاتووە، هەرچەندە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە بە پێی داب ونەریت و ئایین و فەرهەنگ و کلتووری ئەو کۆمەڵگایە جیاوازبووە، بەڵام بەشیک لە پسپۆڕان ئەو مێژووە بۆ قۆناغەکانی شارستانییەتی، سەردەمی پێش ڕۆشنگەری، سەردەمی ڕۆشنگەری، سەردەمی تازە دابەش دەکەن، بەڵام ئێمە باس لە چەند قۆناغێکدا دەکەین کە بەشێکی زۆر پسپۆڕان کۆکن لەسەر ئەم وێستگە مێژووییانە:

### قۆناغی یەکەم: شارستانییەتە کۆنەکان

کولتووری شارستانیەتی نێوان دوو رووبار(میزۆپۆتامیا) پەیوەندییەکی بەتینی بە پابەندبوون بە داب و نەریت و ڕێساکانی ڕەفتارەوە هەیە کە سروشتی چالاکیی مرۆڤەکان ڕێکدەخەن بۆ ئەو کۆمەڵگایەی لەسەر ئەو زەوییە ژیاوە و دەوڵەمەند بووە بە سامانی سروشتی، ئابوورییەکەی لەسەر بنەمای (کشتوکاڵ، ماسیگرتن، چالاکییەکانی ئاودێری) بووە، میزۆپۆتامیا هەندێک بناغە و ئەرکی لە سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و، سەربازی داناوە کە لە ڕێگەیەوە هەڵسوکەوت و مامەڵەی ڕۆژانەی بەپێی ڕێساکانی ڕێوڕەسم و ئەتەکێت ڕێکدەخست، یەکەم شارستانییەتە کە تێکستی یاسایی بە گەواهی مێژوویی دەرکردووە، ئەمەش بە یاسای (ئور-ناممو – لیپت-ئیشتار – ئەشنوننا – حامۆرابی) دەناسرێتەوە. ئەم یاسا و ڕێسایانە لە گرنگترین ڕێساکانن کە ڕێساکانی ڕێوڕەسم و ئەتەکێتی کۆمەڵایەتی لەسەریان بنیات نراوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان ڕێکخستووە و دادپەروەری لە دەقەکانیاندا بڵاوبوونەتەوە.

سەبارەت بە شارستانییەتی فیرعەونیش، ڕێساکانی ڕێوڕەسمەکان بە ڕوونی سەریان هەڵدا و دەستنووس و شوێنەواری شارستانیەت بڵاوکرانەوە. لە دۆڵی نیل فیرعەونەکان ڕێوڕەسمی تایبەتیان ڕێکدەخست بۆ ئاڵوگۆڕی سەردان و کۆچ و ئۆڵۆمپیاد پێشبڕکێی گلادیاتۆرەکان و ڕووداوە تۆمارکراوەکان. ئەمەش لەو نووسراوانەدا دیارە کە لەسەر دیواری پەرستگاکان تا ئێستا دۆزراونەتەوە، وەک: قوربانیکردن بۆ خوداوەندەکان، چاوپێکەوتن لەگەڵ فیرعەونی میسری و سەرۆکی کاهینەکان، و پێشوازیکردن لە میوانی فەرمی یان شاندی پاشاکان بۆ وڵاتانی دیکە، ڕێکارەکانی پرسەی پاشاکان لەلایەکی دیکەوە.

سەبارەت بە شارستانیەتی یۆنانی، بە میوانخانەکان و هۆتێلە بچووکەکان ناسرابوون، کە لەسەر بنەمای گەشتیارانی ئایینی دامەزرابوون، ئەو میوانخانانەش لە نزیک پەرستگا و شوێنە ئاینی و پیرۆزەکان دروستکراوبوون، تیایدا ڕێوڕەسمی گشتی و ڕێوڕەسمی ئایینی و مەدەنییان تێدا ئەنجام دەدرا.

---

ئەگەر بچینە سەر ڕۆمەکان کە میراتگری شارستانیەتی یۆنانی بوون، بۆمان دەردەکەوێت کە شارستانیەتی ڕۆمانی خۆی خزاندە ناو چەندین ململانێی سەربازی و شەڕی ناوخۆوە، ڕۆمەکان کەمتر پابەند بوون بە جێبەجێکردنی ڕێساکانی ڕێوڕەسم و ئەتەکێت لە چاو یۆنانیەکان لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا پەیوەندییەکان و فەرامۆشکردنی کاروباری دەرەوە. چونکە روویان لە لەشکرکێشی و داگیرکاری کردبوو وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئیمپراتۆرییەتییەکانیان،بەڵام سەرەڕای ئەمەش شارستانیەتی ڕۆمانی هەندێک شێوازی ڕێوڕەسمی لە سیاسەتەکانی ڕاگەیاندنی شەڕ و ڕێنمایی سەربازیدا پەیڕەو دەکرد.
هەرچی شارستانیەتی چینیشە ڕێساکانی ڕێوڕەسم و ئەتەکێت لە فەلسەفەی حەکیمەکانیاندا بوونی هەبووەو بەکاریان هێناوە بۆ ڕێنماییکردنی خەڵکی کۆمەڵگاکەیان بە وتنی: "ئەخلاقی پیاو بە شیعر پێکهاتووە و بە ڕێوڕەسمەکان پەرەی پێدەدرێت"، واتە ئەتەکێتی ئاهەنگ و ڕێزگرتن. شارستانیەتی چینی یاساکانی ڕێوڕەسمی جێبەجێکردووە و ئەتەکێت لە پەیوەندییە دەرەکییەکان، فێستیڤاڵە کشتوکاڵییەکان، ڕاوکردن، هاوسەرگیری، مردن، شێوازەکانی خواردن، شێوازی بەخشینی دیاری، ئاهەنگ و ڕێزگرتنی کۆمەڵایەتی رەنگیدابوویەوە، شارستانیەتی چینی بە یەکەم شارستانییەتە کۆنەکان دادەنرێت لە پەیڕەوکردنی ڕێوڕەسمەکان لە پەرستن و پێشکەشکردن و پێشوازیکردن لە میوانان و ماڵئاواییکردن و پێشینەکاندا.

**قۆناغی دووەم: شارستانیەتی ئیسلامی**

ئایینی ئیسلامی کۆتا ئایینی ئاسمانییە، بناغەکانی شارستانیەتێکی ئیسلامی تۆکمەی بۆ بەختەوەریی مرۆڤایەتی دامەزراند، لە نێوان دوێنێ و رابردووی ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتیدا، هەروەها بنەمای ئاکاری هەمەلایەنەی هەیە بۆ ڕێکخستنی مامەڵەی مرۆڤایەتی و ژیانی کۆمەڵایەتی، کە وەک ماددە خۆراکییە سەرەتاییەکان بۆ ڕێسا و پێشینەی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکان و ئەتەکێت کار دەکەن، پەیوەندی ئەتەکێت بە ئیسلامەوە، لە بیروباوەڕەوە هەڵقوڵاوە، ئەتەکێت گوزارشتە لە خووڕەوشت و ئاکار، ئیسلام ئەتەکێتی لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی شوێنکەوتووانیدا دروستکردووە.

**قۆناغی سێیەم – شارستانییەتی نوێ/ هاوچەرخ**

بابەتی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و ئەتەکێت کاریگەری گۆڕانکارییەکانی سەردەمی مۆدێرن بووە، ئەم سەردەمەش چەندین داتای (ئەلیکترۆنی، دیجیتاڵی، تام و چێژ، جوانکاری) زیاد کردووە کە هەموو لایەنەکانی ژیان لەخۆدەگرێت لە ڕێگەی ئەو میدیایانەی کە لە بەڕێوەبردنی پرۆتۆکۆڵ و ئەتەکێتدا بەکاردەهێنرێن،هەرئەمەیش وایکرد کە ڕێکخراوەکانی میوانداری بەهۆی کاریگەرییەکانی پرسی ئەتەکێت و پرۆتۆکۆڵ ناچاربن ئەو خزمەتگوزارییە پێشکەش بکەن و بەرەو بەشی بازاڕەگەری ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا ئەلیکترۆنیەکانەوە هەنگاو

---

بهاوێژن، بەبێ گوێدانە سنووری جوگرافییەکان، بە ڕێکخستنی پێشینە، (حجزکردن) بەکرێگرتن، سەردانی گریمانەیی، پەیوەندیکردن لە ڕێگەی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانەوە لە هەر شوێنێکەوە کە گەشتیارەکە ئامادەبێت، لە ڕێگەی کۆمپیوتەری تایبەتی (لاپتۆپ) یان مۆبایلە زیرەکەکەیەوە، لە ماڵپەڕی دیاریکراو بۆ ڕێکخراوی میوانداری. گۆڕانی سیستمە مەعریفییەکان جگە لە هەندێک گۆڕانکاری لە ڕێساکانی بەڕێوەبردن و ئەتەکێتی پرۆتۆکۆڵدا، لە ژێر ڕۆشنایی گەشەسەندنی کۆمەڵگا و گۆڕینی لە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی، گەیشتن بە کۆمەڵگەی دیجیتاڵی(ژمارەیی) لە ژێر ڕۆشنایی کاردانەوەکانی جیهانگیری، گەشەسەندن و دەرکەوتنی شاری شارستانی گەورە، دامەزراندنی ڕێکخراوە زەبەلاحەکان و سەرهەڵدانی ڕەوتی هزری مۆدێرن لە ڕێکخستنی کارگێڕیدا.

گرنگترین هەوڵ بۆ کۆدکردنی ئەم ڕێسایانە پەیمانی ڤییەنایە لە ساڵی ١٨١٥، هاوپێچەکانی پەیماننامەکە پێیان دەوترێت (پرۆتۆکۆڵ) کاتێک بابەتە تەواوکەرەکانی پەیماننامەکە ڕێکدەخەن، لە نێو ئەو پرۆتۆکۆڵە بەناوبانگانەی کە لەگەڵ خودی پەیماننامەکەدا دەگوزەرێن لە پرۆتۆکۆڵی ئێکس شاپێل"Aix-la-Chapelle " لە ساڵی ١٨١٨، کە کۆمەڵێک داب و نەریت و ڕێسای لەخۆگرتبوو سەبارەت بە پێشینە و مامەڵەکردن و پلەکانی سەرۆکی نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکان، بە برگەیەکی گرنگ دادەنرێت لە پەرەپێدانی پرۆتۆکۆڵی دیپلۆماسی، ڕێککەوتننامەکانی ڤییەنا بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسی و کونسوڵگەرییەکان لە ساڵانی ١٩٦١ – ١٩٦٣ بە دوای یەکتریدا، ئەم ڕێسایانە لە زۆربەی یاسا ناوخۆییەکانی هەر وڵاتێکدا خرایەڕوو، بەتایبەتی سەبارەت بە فەرمانڕەوا باڵاکان و بەرپرسان و ڕووداوە فەرمییەکان، ئەم ڕێسایانە لە کارپێکردنیان هاوشێوەن و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بەپێی بارودۆخی ئەو وڵاتە دەگۆڕێت.

**سەرهەڵدانی ڕێوڕەسمە فەرمییەکانی نەتەوەی کورد**

کوردیش هاوشێوەی نەتەوەکانی دیکە، خاوەنی شارستانیەت و کولتوورو فەرهەنگی تایبەتە، سەردەمانێک دەوڵەتی زلهێزی خۆی هەبووەو ڕێوڕەسمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرمی سازکردووە، ئەو ڕێوڕەسمانەش ڕەنگدانەوەی داب و نەریت و سروتە ئایینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکەی بووە، ئەوەتا میدیاکان کە ڕەچەڵەکی نەتەوەی کوردن وەک نەتەوە مێژووی دەرکەوتنیان لەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ(٢٠٠٠) ساڵ پێش لە دایکبوون، یەکەمین دەوڵەتی کوردی میتانیان دامەزراندووەو ئاڵای تایبەت بە خۆیان ١٥٠٠ ساڵ پێش لە دایک بوون هەبووە سنووری دەوڵەتەکەیان لە رۆژئاوای کوردستان و کوردستانی گەورەبووە. پایتەختی (سەرێ کانی یاخود واشوکانی)بووە، ڕێوڕەسمی تایبەت بە خۆیان هەبووە،دوای ئەوانیش چەندین میرنشین و حکومەت و دەوڵەتی هەبووە، هەروەک دەوڵەتی ئەیوبیە کە بە رابەرایەتی سەرکردەی بێهاوتای جیهانی سەلاحەدین ئەیوبی بووە، ئەمە سەرباری گشت میرنشینە کوردییەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان، هەروەها حکومەتی باشوور کوردستان بە

---

سەرۆکایەتی شێخ مەحمودی حەفید، دوای ئەوەیش حکومەتەکەی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی موحەمەد، پاش ئەوەش حوکمی خۆبەڕێوەبردنی ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٤ لە باشووری کوردستان لێکنراو بە عێراق بە سەرۆکایەتی مەلامستەفا بارزانی، کۆتا فەرمانڕەوایەتی پاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ کە پەرلەمانی کوردستان دامەزراو یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دایک بوو، ئیدی لەو کاتەوە سەرباری هەموو ئەو ئاستەنگ و کۆسپانەی هاتنە بەردەم ئەو خۆبەڕێوەبردنە، کەچی ڕۆژ بە ڕۆژ ئەزموونی پرۆتۆکۆڵی دامەزراوەکانی حکومەت زیاتر بووەو تیمێکی تایبەت لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە ئەرکی بەڕێوەبردنی گشت چالاکییە فەرمییەکانی هەڵسا، ئێستا ئەو تیمە ناوی پرۆتۆکۆڵی هەرێمی کوردستانە، یەکێک لە تیمە شارەزاو قاڵبووووەکانی نەک عێراق،بەڵکو ناوچەکەش، ئەزموونیان لە گشت تیمەکانی پرۆتۆکۆڵی حکومەتی عێراق زیاترەو شان لە شانی ولاتانی ناوچەکە دەدەن، کەمترین هەڵەی پرۆتۆکۆڵی لە کاروبارەکانیان ڕوودەدات. بۆ نمونە هەرچی ڕێوڕەسمی پێشوازی شاندە بیانییەکان و ناوەخۆیی عێراق هەیە لە سەرۆکی ولاتان، نوێنەران و نێردە دبلۆماسییەکان لە هەردوو فرۆکەخانەی هەولێرو سلێمانی بەتایبەت فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی لە لایەن ئەو تیمەوە ئاماەکاری بۆ دەکرێت، ئەمە سەرباری بەڕێوەبردنی هەموو ئەو ڕێوڕەسمە فەرمیانەی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت ئامادەی دەبن.

### ڕێوڕەسم(پرۆتۆکۆڵ)- المراسم- Protocol

چەمکی (Protocol)، یەکێکە لەو چەمکانەی سەرچاوەکەی بۆ شارستانیەتی یۆنانی دەگەڕێتەوە، کە لە زمانی ئینگلیزیشدا ئەو چەمکە واتای "بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکان" دەگەیەنێت، چیرۆکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پرۆتۆکۆڵ ناوی دارێکە کە ڕۆژێک گەلاکانی لەسەر یەکێک لە "پرۆتۆکۆلینگەکان" "Protocolling" دانراوە، واتە ڕێککەوتنە گرنگەکان و، چۆنییەتی جێبەجێکردنی هەندێک لە برگەکانی ئەو ڕێککەوتنانەی لەسەر نووسراوەتەوە و دواتر بووە نەریت کە ئەم ناوە بدرێت بەو شتانەی کە پەیوەندییان بە ڕوونکردنەوەکان هەیە و چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ میوانان و ڕێکخەران.

لە فەرهەنگەکانی(الجامع) و الوسیط)دەستەواژەی( المراسم) بە واتای سروت و دابونەریت و ئەوەی پێویستە ڕەچاو بکرێت لە ڕێوڕەسمێکی فەرمیدا، هەرچی هاوتاکەی لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (المراسم )یان (الرسوم)ە، کە لە وشەی "رسم"ەوە وەرگیراوە، واتە ریزبەندی نووسراو. نموونەیەک لە ئێستادا ئەوەیە: فەرمانێکی شاهانە، شازادەیی، کۆماری، یان هەرێمی، کە بە واتای یاسا یان ڕێسایەکی پابەندکەر دێت، کە ئاماژەیە بۆ ڕێزگرتنی تاک بۆ ئەم ڕێسایانە، جا چ لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ (پاشا،میر،شازادە)، سەرۆک یا کەسایەتییە نێودەوڵەتییە دیارەکان، یان سیاسەتمەداران، یان چاوپێکەوتنی خەڵک و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوان.

---

تورکەکان ئەو زارەوەیان لە وشەی "رسوم" و " المراسم" و "رسمي" زمانی عەرەبی وەرگرتووە، کە بەگشتی بەواتای فەرمان و ئیرادەی سەرۆکایەتییە دێت.

هەرچی زمانی کوردیشە کە چەندین زاراوەو بن زاری هەیە و زمانێکی دەوڵەمەندە، بەداخەوە بەهۆی هەڕەشەکانی زمانی سەپێنراوی نەتەوەکانی دەوروبەری و سڕینەوەو لە ناوبردنی فەرهەنگ و رۆشنبیرییەکەی، بۆیە هاتووە چەمکی "المراسم"ی زمانی عەرەبی کورداندووە بە جۆرێک کردیویەتییە مەڕاسیم یاخود ڕێوڕەسم، کە جاروباریش دەستەواژەی (ڕێوشوێن) بەکاردەهێنرێت، هەندێکجاریش لەسەر ئاستی دامەزراوەی فەرمیش دەستەواژەی پرۆتۆکۆڵ بەکاردەهێنرێت.

بۆ تێگەیشت لەم چەمکە، ژمارەیەک پێناسە دەخوێنینەوە تا لە مانا دروستەکەی (پرۆتۆکۆڵ) تێبگەین بەمشێوەیەی خوارەوە:

- لە کولتوری گشتیدا پرۆتۆکۆڵ/ ریوڕەسم بە واتای نەریت یان یاسا دێت، هەروەک چۆن وشەی "ئەتەکێت" بە واتای سەلیقە و ڕەچاوکردنی هەستەکانی بەرامبەر دێت. ئەم دەستەواژەیە بە شێوەیەکی گشتی بۆ پێناسەکردنی ڕێسای پێویستی ڕەفتار لە کۆمەڵگا شارستانییەکان یان لە کاتی مامەڵەکردن لە نێوان وڵاتاندا بەکارهاتووە.
- ڕەشنووسێکی ڕەسەنە کە لەسەر بنەمای پەیماننامە یان ڕێککەوتنێک، یان بەڵگەنامە و کۆنووسی ڕێککەوتنەکان داڕێژراون. بۆ نموونە ئەنجوومەنی شورا و نوێنەران باسیان لە پرۆتۆکۆڵی ڕێککەوتنە کردووە، یان ئەو بنەما و ڕێسایانەی کە لە کاروباری دیپلۆماسیدا پەیرەو دەکرێن.
- کۆمەڵێک ڕێسا و پرۆتۆکۆڵە کە بە دابونەریت و ڕێزگرتن دامەزراون کە دەبێت دیپلۆماتکاران و پەرلەمانتاران لە کۆبوونەوەکان و پێشوازییە فەرمییەکان و پارتە گشتییەکاندا ڕێزی لێبگرن.
- کۆمەڵێک ڕێسای ڕەفتاری فەرمی و نافەرمی کە دەوڵەتەکان و نوێنەرەکانیان لە پەیوەندی لەگەڵ هاوتاکانیاندا بەکاردەهێنرێن. پرۆتۆکۆڵی دیپلۆماسی واتە: کۆی یاسا و داب و نەریتی کە لەلایەن وەزارەتەکانی دەرەوە و نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکان و کەسایەتییە فەرمییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە ڕەچاو دەکرێن.
- ئەو ڕێسا یان ڕێنماییانەی پەیوەستن بە پرەنسیپەکانی دیپلۆماسی و کاروباری دەوڵەتەوە، وەک نیشاندانی ڕێزگرتنی گونجاو بۆ سەرۆکی دەوڵەت، و ڕەچاوکردنی ریزبەندی کاتی مێژوویی "بەپێی پلە باڵا(پێشینە)ی دیپلۆماتکارەکان لە کاتی ڕێکخستنیان لە ئەنجومەن یان کۆبوونەوەیەکدا.
- بە کۆمەڵێک یاسا و دابونەریت و ڕەفتار ناسراوە کە لە کۆمەڵگاکاندا لەسەری ڕێککەوتوون و بە پلەی یەکەم ئامانجی بەرزکردنەوەی بەهاکانی ڕەفتاری شارستانییە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کۆمەڵێک دابونەریتە.

---

- بریتیە لە کۆمەڵێک ڕەفتاری دامەزراو و جێگیر لە کۆمەڵگادا و بە "دابو نەریت" ناسراوە لە کار و چالاکییەکانی ڕۆژانەیان و ئەو بارودۆخانەی کە ڕاهاتوون.
- کۆمەڵێک ڕێسا و دابونەریتە کە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسیدا ڕەچاو دەکرێن کە ڕێکار و نەریتەکان ڕێکدەخەن کە لە بۆنە فەرمییەکانی وەک سەردان و کۆبوونەوە و کۆنفرانس و پێشوازی و ئاهەنگەکاندا پەیڕەو دەکرێن.
- ئەو یاسایە دانپێدانراوانەیە لە یاسادانان و کۆبوونەوەکاندا کە چۆنیەتی مامەڵەکردن و پێناسەکردنی هەموو ڕەفتارەکان لە سەرەتاوە تا کۆتایی دیاری دەکەن و پێکهاتووە و دەستکاری دەکرێت (واتە نووسراوە).
- کۆمەڵێک ڕێسا و ڕێکخستنە کە ڕێوڕەسم و ڕێکخستنە فەرمییەکان لە بۆنە فەرمی و دیپلۆماسییەکان بەڕێوەدەبەن.
- مامەڵەکردن لەگەڵ میوانە فەرمییەکان، ڕێکخستنی دانیشتن و دابەشکردنی ڕۆڵەکان لە ئاهەنگەکانی فەرمیدا لەخۆدەگرێت.
- بریتیە لە کۆمەڵێک ڕێکار و ڕێسای ڕەوا کە لە مامەڵە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان زاڵن، پرۆتۆکۆلەکان لە جێبەجێکردنی ڕێساکاندا جێبەجێ دەکرێن، جا چ نێودەوڵەتی بێت یان گشتی، یان لەسەر بنەمای دابو نەریتی نێودەوڵەتی و ڕێوڕەسمەکان سیمایەکی فەرمییان هەیە.

**خستنەڕووی پێناسەی دەستەواژەی"بەڕێوەبردنی پرۆتۆکۆڵ /ڕێوڕەسم "بە پێی بۆچوونی توێژەران و نووسەران:**

١.دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری کە توانای بەیەکەوە گرێدان و کۆکردنەوەی نەخش و سیستەم و بەشە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هەیە.

٢.کۆمەڵێک ڕێسا بۆ لایەنەکان، سەردانی فەرمی، کۆبوونەوە گەورەکان، کۆنفرانسی دانوستان، و ئەنجامدانی ڕێککەوتنی دوو قۆڵی.

٣.کۆمەڵێک پرەنسیپی فەرمی و ئاهەنگگێڕان، ئەم پرەنسیپ و دابو نەریتە بۆ هەموو بۆنەیەک لە سەرانسەری جیهاندا جێبەجێ دەکرێن و سەرپێچیکردنیان لەوانەیە ببێتە هۆی کێشە و بارودۆخی شەرمەزارکەر.

٤.پێویستە چی بکرێت و چی لێ دوور بخرێتەوە لەڕووی ڕەفتار یان کردارەوە، کە شێوەی فەرمان یان ڕێنماییە و بەستراوەتەوە بە سزای سەرپێچیکارەوە.

لەسەر بنەمای ئەوانەی سەرەوە دەتوانین ئەوەمان بۆ ڕوون بێتەوە کە چەمکی بەڕێوەبردنی پرۆتۆکۆڵ/ ڕێوڕەسم بریتیە لە کۆمەڵێک ڕێکار و ڕێسا و شێواز کە لە پەیڕەوی پێشینە و ئەنجامدانی کۆبوونەوە و کۆنفرانس و ڕێسا و داب و نەریت پەیڕەو دەکرێت کە دەبێت ڕەچاوی بکرێت و پابەند بکرێت پێیەوە لە بۆنە فەرمیەکاندا کە پێشوازی و سەردان و ئاهەنگ خوانی بە کۆمەڵ لە ناوخۆی وڵات یان لە پەیوەندییە دیپلۆماسییە نێودەوڵەتییەکاندا بەڕێوەدەچێت.

---

بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکان بە خووی داب (عادات–Habits)، و نەریت( اعراف–Customs)، و ڕێزگرتن (کیاسة -Politeness) وەسف دەکرێت، کە مرۆڤ لە بەیەکەوە گرێدان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا پەیرەوی دەکەن. یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی سەرنجڕاکێشانی گەشتیاری داب و نەریتی گەلانە، جگە لە گرنگی شارستانییەت و شوێنەواری مێژوویی، گەشتیاران بە خۆرسک ئەو شارۆچکانەیان پێ باشترە کە بە شێوازی تایبەت و جیاواز دروستکراون.

**ڕێوڕەسمەکان بە دەستووری مامەڵەکردن و هونەری پێکەوەژیان دادەنرێت، بریتین لە ڕێساو دابونەریتی نێودەوڵەتی کە بۆنە و ئاهەنگەکان ڕێکدەخەن بەمشێوەیەی خوارەوە:**

١. **فەرمی یان نیشتمانی**: بۆ پاشاکان، سەرۆکی دەوڵەتان و کۆمارەکان، و سەرۆکی ئەنجومەنی دەستووری دەوڵەت.
٢. **دیپلۆماتی**: بۆ ئەندامانی کاروباری دیپلۆماسی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.
٣. **کۆمەڵایەتی**: بۆ دامەزراوەکان، کۆمەڵەکان، تاکەکان.

**ئەو کەسەی بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی ڕێسا و یاساکانی ڕێوڕەسم و ڕێساکانی نێودەوڵەتی دەبێت ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەی هەبێت:**

أ. زیرەکی، هەستی هەستیار.
ب. وردبینی و خێرایی بیرکردنەوە و جوڵەی خێرا.
ج. ڕەوانبێژو قسەزان، ڕێزدار، ڕەفتاری باش.

**جیاوازی نێوان ڕێوڕەسم و ئەتەکێت**

| ڕێوڕەسم- المراسم/ البروتوكول | ئەتەکێت- الاتیکیت / آداب السلوك |
|---|---|
| پەیوەندی بە ڕێکارەکان و ڕێکخستنەوە هەیە. | پەیوەندی بە جێبەجێکردنی وردەکارییەکان و چۆنیەتی پابەندبوونیانەوە هەیە. |
| پێویستە جل و بەرگی فەرمی لەبەر بکەیت بۆ ئاهەنگێکی فەرمی کە بانگهێشت کراویت. | مەرجەکانی جۆری جلوبەرگ، لەوانەش ڕەنگ و جۆری قوماش،پرۆسەیەکە کە دەکەوێتە چوارچێوەی ئەتەکێتەوە. |
| ئامادەبوون و پابەندبوون لە کاتی خۆیدا پێویستە، بۆ نموونە:ئەگەر بانگهێشتی ئاهەنگێکی فەرمی کراین، پێویستی بە پابەندبوون بە جل و بەرگی فەرمی هەیە. | شێوازی سڵاوکردن و ڕەفتاری گونجاو لە کاتی چوونە ژوورەوەدا پەیوەستە بە یاساکانی ئەتەکێتەوە.بۆ نموونە: ڕەنگی جل و بەرگ و شێوەی و وردەکارییەکانی. |
| ڕێکارەکان و ڕێکخستنە بە گشتی یان ڕێسای گشتی. | جێبەجێکردنی وردەکارییە بچووکەکان و چۆنیەتی پابەندبوونمان پێیانەوەیە کە دەبێتە هۆی باشترین جێبەجێکردنی ڕێسای گشتی. |
| پرۆتۆکۆڵ لە لایەنی گشتی. | ئەتەکێت پەیوەندی بە لقەکانەوە یا وردەکارییەکانەوە هەیە. |

---

**جۆرەکانی ڕێوڕەسم( پرۆتۆکۆڵ)**

**١.ڕێوڕەسمی سەردانکردنی بەرپرسانی باڵا:** پێشوازی و ماڵئاوایی لە سەردانکەرانی گرنگ و ڕێکخستنی شوێنی مانەوەیان.

**٢.ڕێوڕەسمی پێشینەیی/ الاسبقیات:** پێشینەیی بەپێی تەمەن، پلە، یان ڕێکەوتی دەستبەکاربوون لەبەرچاو دەگیرێن و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت.

**٣.ڕێوڕەسمی ئاهەنگەکانی نانخوانی فەرمی:** لیستی ناوی بانگهێشتکراوەکان ئامادە دەکرێت و ئاماژە بە ناوی سیانی بانگهێشتراوان دەکرێت، ئەو جۆرە ڕێوڕەسمە لە زمانی عەرەبی پێدەگوترێت: (الولائم)  کە بۆ (کۆ)یە، بەڵام بۆ تاک پێی دەگوترێت : (ولیمە)، کە بە مانای خوان، بانگهێشتی نانخواردنی نیوەڕۆ، ئێوارە دێت، بە گشتی بە مانای ئەوە دێت نانخواردنێک بۆ ژمارەیەکی زۆر خەڵک ئامادە بکرێت جا ئاهەنگی بووک گواستنەوە بێت، یاخود جەژن یا هەر بۆنەیەکی دیکەی خۆشی کە هاوڕێیان و خزمان و دۆستان کۆببنەوە، لە ڕووی دیبلۆماسییەوە زۆرێک لە وڵاتان ئەم جۆرە ڕێوڕەسمە ساز دەکەن لە نێوان سەرۆکەکانی وڵاتان، یان باڵوێزخانەو کونسلوخانەکان، یان لە نێوان کۆمپانیان بازرگانییەکایش ساز دەکرێت.

٤.**ڕێوڕەسمی جلوبەرگی فەرمی:** لە ئاهەنگە فەرمیەکاندا، بەپێی جۆری جلوبەرگ و وەرزەکان و جۆری ئاهەنگەکە دەگۆڕێت.

٥.**ڕێوڕەسمەکانی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی:** هەر کۆبوونەوەیەک کە چەند لایەنێک بەشدارییان تێدا کردبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجێک.

٦.**ڕێوڕەسمی ئاڵا:** ئاڵا لە خۆرهەڵاتنەوە تا خۆرئاوابوون لەسەر هەموو باڵەخانە حکومییەکان بەرز دەکرێتەوە، کەسانی بیانی یان لایەنە بیانییەکان مافی ئەوەیان نییە لە بۆنە تایبەتەکاندا ئاڵای وڵاتەکەیان هەڵبکەن بەبێ ئەوەی ڕەزامەندی دەسەڵاتە ناوخۆییەکان وەربگرن، ڕێوڕەسمی ئاڵا لە زۆرینەی وڵاتان ڕێوڕەسمی تایبەتی بە خۆی هەیە، لە بەشێکی دیکە  بە دوورو درێژی باس لە ڕێوڕەسمی بەرزکردنەوەی ئاڵای نیشتیمانی دەکەین.

٧. **ڕێوڕەسمی چوونە ژوورەوە و دەرچوون.**

**٨.ڕێوڕەسمی بەرزکەرەوەی کارەبایی.**

**٩.  ڕێوڕەسمی ڕۆیشتن لەسەر شەقامەکان.**

**١٠. ڕێوڕەسمی سەرکەوتن و دابەزین بە پلیکانەکان( قادرمە- پەیژە).**

**١١. ڕێوڕەسمی ڕۆیشتنی بە کۆمەڵ(ڕێپێوانی کەژاوە).**

**١٢. ڕێوڕەسمی تاجە گوڵینە دانان.**

**١٣. ڕێوڕەسمی سوێندخواردن.**

**١٤. ڕێوڕەسمی پیرۆزبایی.**

**١٥. ڕێوڕەسمی پێشوازی بۆ میوانە فەرمییەکان.**

**١٦.ڕێوڕەسمی پرسەو چلەی ماتەمینی و ساڵوەگەڕی ماتەمینی.**